# بۆلیۆدیش لە دەستدرێژی پارێزراو نییە

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر چەند خانمە ئەکتەرێك لەلایەن ژمارەیەك دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری هۆلیود، خانمە ئەکتەر و نمایشکاری بۆلیۆد تانوشری دوتا بێزاری خۆی لە بارودۆخی ئێستای هونەر دەربڕی و بە مەترسیدار بۆ ئافرەتە هونەرمەندەکان و بە قێزەونی وەسف کرد.

تانۆشری رەخنەیەکی زۆری لە بۆلیۆد گرت و لەم بارەوە وتی: کەلتووری شەرم لە هەر چوار لاوە دەوری داوین بۆیە باسکردنی دەستدرێژی سێکسیی بۆ سەر خانمە ئەکتەرەکان ئاماژەیەکی ترسناکە و لە کۆتاییشدا تەنیا ئافرەتان دەبنە قوربانی.

تانۆشری کە پێش ماوەیەك هەڵمەتێکی دەستپێکردبوو بۆ پاراستنی هونەرمەندە ئافرەتەکان لە دەستدرێژیکردن و ئەکتەری ناسراوی هیندی نانا بیتکاری بە دەستدرێژی سێکسی تۆمەتبار کردو لە سەروبەندی تۆمارکردنی فیلمی "Horn ok Pleassss" دووبارە دەستی کردۆتەوە بە هەڵمەتەکەی بۆ تیشك خستنە سەر بارودۆخی هونەرمەندان و لە میانەی دیمانەیەکیدا وتی: لە ساڵی ٢٠٠٨ پشتگیرییەکی زۆرم لێکرا لەو هەڵمەتە کاتێك بۆ یەکەم جار باسم لە رووداوەکە کرد، بەڵام هەست دەکەم ئەو پشتیگرییە زۆر کەم بۆتەوە، چونکە کاتێك باس لە دۆخی ئافرەتە ئەکتەرەکانی هۆلیود دەکەی، لێرە هەموویان پشتگیریت دەکەن، بەڵام کە باسی بۆلیۆد دەکەی دەکشێنەوە و وەك مردووی گۆڕستانەکان بێدەنگ دەبن.

ئەو شاجوانەی پێشووی هیندستان زیاتر دەڵێ: ئێمە پێویستە بەردەوام باس لە دەستدرێژی سێکسی بەتایبەتی لە بۆلیۆد بکەین، چونکە ئەمە یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی کە وڵاتەکەمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەداخەوە زۆر لە ئەکتەرانی بۆلیۆد لە ئێستادا خۆیان لەو بابەتە دوور دەخەنەوە و باسی ناکەن، بۆیە لێرەوە بە هەموو پیاو و ئافرەت و کچ و کوران دەڵێم ئەمە بابەتێك نییە پێویستی بە شەرمکردن بێت و دەبێ بە بێ ترس و دوودڵییەوە باسی بکەین.





بینیلوب کروز:

# خۆشەویستی هۆکاری مانەوەی ژیانی هاوسەریمە

لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی (Extra) ئەستێرەی ناوداری مەکسیکی پینۆلۆپ کروز تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی و بەتایبەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ خافییر پاردیم و هۆکاری مانەوەی ئەو پەیوەندییەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئاشکرا کرد.

پینیلۆپ هۆکاری سەرەکەی مانەوەی پەیوەندییەکەیان بۆ لێك تێگەیشتنی نێوانیان گەڕاندەوە و وتی: ڕەنگە بۆ زۆر کەس سەیر بێت کە دوو کەسی هونەرمەند بۆ ماوەی ٨ ساڵ پەیوەندیی نێوانیان بەردەوام بێت و هیچ کاتێك ناکۆکییان نەبێت و بیریان لە جیابوونەوە نەکردبێتەوە، ڕاشکاوانە دڵێم لێك تێگەیشتنێکی زۆر باش لە نێوانماندا هەیە، ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستی و ڕێزگرتنە دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکتر هەمانە.

کروز زیاتر وتی: کۆڵەگەی سەرەکی لە مانەوەی پەیوەندیی نێوانمان ئەوەیە کە هەردووکمان بڕیارمان داوە بە هیچ شێوەیەك لە یەك کاتدا کار لە دوو فیلم نەکەین لە دوو شوێنی جیاواز، بەڵکو وا ڕێککەوتووین لە یەك فیلمدا بەشدار بین، بۆ ئەوەی گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆشمان بدەین و کاتی بۆ تەرخان بکەین.

شایەنی باسە پینیلۆپ کروز و خافییر پاردیم لە فیلمی (Loving Pablo) بەشدارن کە باس لە ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی جیهانی دەکات، ئەم کچە ڕۆژنامەنووسە لەلایەن سەرکردەیەکی باندەکانی ماددەی هۆشبەر داوەت دەکرێ، دواتر دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئەم سەرکردەوە، هەرچەندە دەزانێت کە پێشتر ژنی هێناوە.

# قەڵەوەکان هێرش دەکەنە سەر ئەگویلیرا



خانمە ئەستێرەی هۆڵیوود و گۆرانیبێژی کریستیان ئەگویلیرای تەمەن ٣٧ ساڵان ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی تویتەر بووەوە، دوای ئەوەی لە تویتێکدا بە شێوەیەکی ڕەگەزپەرستانە باسی لەکەسانی قەڵەو و ئەوانەی کێشیان زیادە کردبوو.

یەکێك لە هەوادارانی لە تویتێکدا وێنەی کریستینا کۆمەڵێك جلوبەرگی بڵاوکردبۆوە ئەوانەی لە پیشانگا و مۆڵەکاندا فرۆشراون لەسەروبەندی گەشتە هونەرییەکەی کە بە ناوی (Liberation) و لە تەنیشت جلوبەرگەکان نووسرا بوو: پێنج دۆلاری زیاد بۆ قەبارەکانی XXL و XXXL.

زۆر لە هەوادارانی کریستیان ئەم ڕەفتارەیان بە جۆرێك لە ڕەگەزپەرستی وەسف کرد کە لەلایەن کریستیناوە کە بەرامبەر بە کەسانی قەڵەو پیادەی دەکات.

لە بەرامبەر ئەمانەدا ژمارەیەك لە هەوادارانی کریستینا بە توندی بەرگرییان لێی کردو لە تویتەکانیان دووپاتیان کردووە کە ئەستێرەکەیان جەماوەرەکەی خۆی خۆش دەوێت و ڕێزیان دەگرێت هەر چۆن و لە هەر کوێیەك بن، بۆیە ئاگاداری نرخی ئەو جلوبەرگانە نییە، چونکە پێویستی بەو پارەیەی نییە کە لە ئەنجامی ئەم ٥ دۆلارە زیادەیەی خراوەتە سەر نرخی جلوبەرگەکان دەستی دەکەوێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە تا ئێستا کریستینا هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەم تۆمەتبارکردنە نییەو بە هیچ شێوەیەك وەڵامی نەداوەتەوە، بۆیە هەندێك کەس ئەم بێدەنگییەیان بە جۆرێك لە دانپێدانان بەم کارە وەسف کردووە.

# چۆن تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردیمان دامەزراند؟؟



حەمەڕەشید هەرەس

**پیشەکی:**

ئەم نووسینە هەرچەندە مەبەست لە دامەزراندنی تیپی ناوبراوە، بەڵام جار جار ناچار دەبم لادەمە سەر لاڕێ بۆ ئەوەی هەندێك هەلومەرجی ئەو كاتانەی بە كورتی تێدا شی بكەمەوەو لە تەك ئەمڕۆی شانۆشدا بیاندەمە بەر گیرەو شەنوكەوكردن. چونكە هەلومەرجی ئەو كاتانە بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو لەسەر گشت دیاردەكانی ژیان بە شانۆشەوە. ئەمە لە لایەك لە لایەكی دیكەشەوە ئەم نووسینە، چونكە خۆم دەینووسم، كەواتە روانگەی نووسەرەكەی زیاتر تێدا زەق دەبێتەوە، ئەوەش مافی خۆمەو هەر ئەو مافەش با پاسەوانی راستگۆیی بێت و ئەوەندەی هزرم بڕبكات راستییەكان كێشكەمە ناو نووسینەكەمەوە، چونكە ناچار دەبم لە ژێی زۆر ناسك بدەم لەوانەیە ببێتە مایەی وروژاندنی هەندێ بۆچوونی دیكەش. گرنگ ئەوەیە بۆ خوێنەری ئازیزی روونكەمەوە ئەو تیپەی ئوتێلی لانەوازان و مۆڵەت و چەخماخە و پردی وڵات و پاڵتۆ و....و....بەرهەمهێنا چۆن دروست بوو.

**چوونە ژوورەوە:**

زستانی ساڵی ١٩٧٢ بوو لەگەڵ بەهەشتی دڵشاد مەریوانی دووقۆڵی لە یانەی مامۆستایان دانیشتبووین باسی شانۆمان دەكرد و بەرهەمەكانمان هەڵدەسەنگان، بە چاك و خراپیانەوە لە بارستایی تەماكانی ئێمەو توانای هەڵكشاوی زۆر هونەرمەندا نەبوون، هەندێك هەڵوێستڕەقی ناو تیپەكانیش ببوونە مێردەزمەو فلتەر لە رێی هەڵكشانی شانۆكاندا و بۆ ئێمەمانانی ئەو كاتەیان چۆڵ نەدەكرد، هەر وەك ئێستا چۆن پاشاگەردانییان لە شانۆدا دروستكردۆتەوە و بواری داهێنان نادەن، ئەو كاتەش هەمان شێوە، دەشمان زانی ئەمە كێشەی ئەحمەد سالاری هاوڕێشمانە، كاك دڵشاد تا ئەو كاتە تاقیكردنەوەی سەر شانۆی بارتەقای من نەبوو، بەڵام توانایەك و بەهرەیەكی لەبن نەهاتووی هەبوو، پێی كەمی بوو بچێت لە تیپێكدا لە هیچەوە دەستپێكا، من ئەمەم تێدا هەستكردبوو. وتم: دڵە گیان بۆ نەچین بۆ لای كاك سالار و داوای لێبكەین واز لە كۆمەڵەی هونەرو وێژە بێنێ و خۆمان تیپێكی نوێ بە دڵی خۆمان دروستكەین؟ وتی: زۆرچاكەو، چووینە لای كاك سالاری هاوڕێمان و هەر كە باسەكەمان لەلا كردەوە یەكسەر وتی من زۆر دەمێكە لە كۆمەڵ وەڕەسم هەر سبەینێ هەرسێكمان بۆی دادەنیشین.

لە كۆڵانەكەی بەرامبەر حەوزە وشكەكە چایخانەیەكی كۆنی لێ بوو، پاشتر بوو بە دووكانی پێڵاو، لەوێ دستمانكرد بە پلانەكە، یەكەم بڕیار ئەوە بوو تیپەكە لە دەكەس پتر نەبێت و دەستەی بەڕێوەبەر هەر بۆ ناو و مەسەلەی فەرمی بێت، بە كورتی بەو تاقیكردنەوانەی تیپەكانی تردا نەڕۆینەوە و ببینە پێشڕەوی شانۆیەكی هاوچەرخ و ئەو كەسانەی دەبنە مایەی دواكەوتن و گێرەشێوێنی لە خۆمانی نزیك نەخەینەوە و ژیرانە بە خۆمانەوە دەكەس هەڵبژێرین.

تەها باراوی و ئازادی حەمە بچكۆل لە كۆمەڵ بیزار بوون، هەر زوو هەردووكیان هاتنە ریزەوە، رەوف حەسەن نووسەر بوو نەدەهاتە سەر شانۆ زۆر لێمانەوە نزیك بوو، ئەویش لەكۆمەل دووركەوتەوەو هاتە تەكمان، ئەم لە سەرەتاوە زۆر چالاكانە كاری دەكرد، یەكەم چیرۆك هەر ئەم بۆی وەرگێڕاینە سەر كوردی (ماڵەی سەرگردەكە) بەڵام رژیم نەیهێشت بەرهەمی بێنین. من بیرم لە بەهەشتی كەمال سابیر كردەوە، تاقیكردنەوەم لە گەڵیا هەبوو، برادەرانیش بە چاكیان زانی، ئەو كاتە لە كۆمەڵ لە بەرهەمێكدا (پژمین) بۆ تەلەفزیۆن بەشدار

بوو، کە چوومە لای پێم وت، ئەو خەریکی پرۆڤە بوو، خێرا وازیهێناو پێی وتن: من ماڵاواییتان لێدەکەم و واز دەهێنم. ئەویشمان هێنایە ریزەوە. مستەفا ئەحمەد. ئەمیش ئەو کاتە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵ بوو، گەنجینەکەی کۆمەڵ ئەم سەرپەرشتی دەکرد، برادەران وتیان لەوانەیە ئەویش بێتە لامان، هەر من دەستنیشان کرام کە بچمە کۆمەڵ داوای هاتنی لێ بکەم. چووم، ئەویش وتی: زۆرچاکە، بەڵام دەبێت کلیلی گەنجینەکەیان بدەمەوە، ئەمڕو هیچ سبەینێ دێمە چایخانەکە. حیکمەت هیندی ئەویش ئەندامی کۆمەڵ بوو، ئەو کاتە سەرباز بوو، بێ پێ وتن و بێ پرس بە یەکێك لە خۆمانمان دەزانی، ئەم نۆ کەسە بناغەی تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردیمان دامەزراند و دەستمان کرد بە کارکردن بۆ هەڵچنینی.

گەورەترین تەگەرەی ڕێمان ئەمانە بوون: دەبوایە سێ کەسمان پێش پێنج ساڵ دەرچووی پەیمانگا، یان ئاکادیمی هونەر بەشی شانۆ بووینایە، ئێمە کەسمان ئەو مەرجەمان تێدا نەبوو، تەنیا ئەحمەد سالار دەرچووی ئەو بەشە بوو، ئەویش ئەو ساڵە تەواوی کردبوو، پێنج ساڵەکەی نەبوو. ئەمە زەبەلاحترین کێشەی مۆڵەت وەرگرتن بوو بۆ تیپەکە لای رژێم، تەگەرەیەکی دیکە ئەوە بوو تەها و ئازاد و بەندە لە گوندە دوورەکاندا مامۆستا بووین، بەتایبەتی من لە هەولێریش بووم، ناچار ئەو ماوەیە زوو زوو دەهاتمەوە تاپشووی هاوین دەستی پێکرد، ئەمە جگە لەوەی سالار و حیکمەت کە ئەمانیش سەرباز بوون، بەڵام هەر بە ریخۆڵە بە کێشی کۆڵمان نەدا.

یەکەم جار بۆ ئەوەی سێ کەس بدۆزینەوە بڕوانامەو پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، کاك تەها خەلیل لە ترسی برادەرانی کۆمەڵ یارمەتی نەداین، چونکە ئەم مەرجەکی تێدا بوو هەروەها بورهان مەسرەف ئەمیش برادەرانی تیپی سلێمانی ڕێگر بوون، ئەو کاتانەش خاوەن بڕوانامەکان هەر ئەم چوار پێنج کەسە بوون،دوای ئەوە روومان لە کاك نەوزاد مەجید نا، ئەمیان یەکسەر وتی: بەسەرچاو بڕوانامەکەی داینێ، هەرچەندە ئەندامی کۆمەڵیش بوو، دواییش بۆی بوو بە سووکە کێشەیەك لەوێ، ئینجا مایەوە دووان، حەسەن تەنیا لە هیچ تیپێکدا کاری نەدەکرد، من و تەها چووینەماڵەوە بۆ لای داوای بڕوانامەکەیمان کرد، من ویستم بڵێم پەنجا دینارت دەدەینێ، دڵنیابووم قایل دەبوو، کەچی پێش ئەوەی دەم بکەمەوە، خێرا تەها وتی: ئەگەر ئەم پیاوەتییەمان لەگەڵ بکەیت، ئەوا دەبیتە یەکێك لە ئەندامەکانی تیپەکە، ئەویش لە خۆشیدا وتی: بەسەرچاو، بە هەرحاڵ سوپاسمان کرد و هاتینە دەرەوە.

لە ڕێگا من لە تەها کەللەیی بووم و بوو بە دەمەقاڵەمان، من دەمگوت بە پەنجا دینار قایل دەبوو، تۆ بۆ کردت بەماڵ بەسەر تیپەکەوە، چونکە ئەم کاك حەسەنە خوای لێ خۆش بێت، تاقیکردنەوەی پێشووم لە تەکیا هەبوو، بەهەرحاڵ کاك تەها تووشی کردینەوە، مایەوە یەك خاوەن بڕوانامەی دیکە، ئیتر لە سلێمانی کەسمان شك نەبرد، ناچار بیرمان لە کاك سەلمان فایەق کاکەیی کردەوە، ئەمیش لە کەرکووك بوو، بیرم نایەت کاممان چووینە لای، مەردانە ئەمیش بڕوانامەکەی دابوونێ، بەم شێوەیە لە بارەی یاساییەوە هەموو شتێك جێبەجێکراو من و تەها یەك دوو سەفەری بەغامان کردو داوای مۆڵەتی فەرمیمان لە وەزارەت کرد. ماوەی شەش حەوت مانگی پێ چوو مۆڵەتمان لە میری وەرگرت، ئەوە بوو لە سەرەتاوە یەك دوو بەرهەممان ئامادە کرد، بەڵام ڕێگامان پێ نەدرا دایبەزێنین، تا لە دواییدا رێگەیان داین ئوتێلی لانەوازان لە تەلەفزیۆن تۆمارکرا.

هەر لە سەردەمی ئەو کارەماندا تۆپەڵبوون و ئاژاوە کەوتە ناومانەوە، لە سەرەتادا رەوف حەسەن کشایەوە، ئەمە رێی خۆشکرد بە ئارەزووی خۆیان لە دژی من و ئەحمەد سالار و دڵشاد هەڵسوکەوت بکەن، بەتایبەتی ئاگری بن کا، تەها بوو، تەها دەیویست تیپەکە بکات بە چەقی ئەو بیرو باوەڕەی خۆی لەسەر بوو، چونکە ئەو کاتە خەریکی رێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوون، من هەرچەندە لە زووترەوە ئەمەم دەزانی و تەها بۆ کارکردن رووی لێنابووم، بەڵام داواکەیم دابووە دواوە، هەرچەندە من دژیان نەبووم، بەلام بۆچوونی من هەرگیز چەپی نەکردووە، ئەمە لەلایەك، لایەکەی تریان زۆرم پێ ناخۆش بوو مەسەلەی سیاسەت تێکەڵ بە هونەر بکرێت، بەتایبەتی ببینە پاشکۆی لایەنێك، بێ ئەوەی باوەڕمان پێی بێت.

لێرەدا مەبەستم لە فەلسەفە نییە، کە هەموومان خاوەنی نامەیەك بووین، دەبوایە بۆ بەرجی نەتەوەکەمان کارمان بۆ بکردایە، ئەوە بوو بە ئازایەتییەوە دەمانگەیاند و لە هیچ داگیرکەرێك سڵمان نەدەکردەوە، هەرچییەکمان دەکرد، هەر هەمووی دژی رژێم بوو و ژیانمان لە مەترسیدا بوو، بەڵام ئەم دەیویست هەر بە تەواوی بمانخاتە باوەشی رێکخستنەکەی خۆیەوە، من ئەمەم هەستکردبوو، بەڵام ئەو بیانووەکانی دوورتر دەبردەوە، تا لەم دواییەدا لە ستۆکهۆڵم بە یەکەوە

**هونەری ڕەسەن خۆی سیاسەتە، خۆی شۆڕشە، خۆیشی سەنگی مەحەکی هەموو دیاردەکانە، سیاسی نابێت خەڵاتی هونەرمەند بکات، بەڵکو دەبێت ڕۆحی لە مستیدا بێت لە ترسی ڕەخنەی دروستکەری هونەرمەند**



دەستەی دامەزرێنەرانی < تیپی پێشڕەوی شـانۆی کوردی > لەراستەوە بەپێوە
رەوف حەسەن ، ئەحمەد سالار ، حەمەرەشید هەرەس ، دڵشاد مەریوانی
دانیشتووەکان .. مستەفا ئەحمەد ، کەمال سابیر ، تەها باراوی 1972

لە گازینۆیەك دانیشتبووین لە بابەت ئەو کاتانەوە دەدوایین، ئەم راستییانەی هەموو سەلماند.

تەها دڵسۆز بوو بۆ رێکخستنەکەی، بەڵام ئەمە بە من و تیپەکە چی، من تەنیا دڵسۆز بووم بۆ برادەریی ئەو و برادەرانی دیکە و بۆ هونەر و نەتەوەکەم، کارم بە کرێکارانی چین و ماچینەوە نەبوو. ئا ئەم بەزمە کارێکی وایکرد لە کاتی تۆمارکردنی لانەوازانا هەموو شیروتیرمان لە یەك دەسوو، بەتایبەتی من و دڵشاد و تەها و کەمال سابیر و جەماوەریش کە سەیری لانەوازان دەکەن وا دەزانن گرووپێکی زۆر توند و تۆڵ بووین.

ئیتر ئەو یەك دوو ساڵە بە لەقەلەق بردمانە سەر تا شۆڕشی کورد دەستی پێکردەوە، هەر هەموومان چووینە دەرەوە، جگە لە کەمال سابیر و دڵشاد، من لەوێ بوومە پێشمەرگە و لە رادیۆی دەنگی کوردستان بێژەر بووم و ساڵێکمان لەژێر تۆپ و فڕۆکە و ناپاڵمدا بردەسەر و دوای پیلانە شوومەکەی جەزائیر هاتینەوە، دەستمانکردەوە بە بەرهەمهێنانی شانۆیی، بەرهەمەکانی ئەو کاتانەمان گەورەترین بەرگری و خۆڕاگرتن بوون، جەماوەر سەریان لە پرکێشی ئێمە سوورمابوو، هەروەك لەژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمەشدا نەبووبین، جەماوەرەمان بۆ نەبەردی هاندەدا.

یەك دوو ساڵی دیکەی نەبرد، ئیتر تۆپەڵبوون بوو بە دیاردەیەکی رۆژانەو هەر زوو دڵشاد لە بێزاریدا کشایەوە، دوای ئەوەش من و سالار و حیکمەت و عومەری کەریم ئاغا تیپەکەمان بۆ ئەوانە جێهێشت، کە لە سەرەتادا لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوون. پێشڕەوی لەدەست دراو بە تەواوی بوونە پاشکۆی سیاسەت، بێگومان رەسەنایەتی شانۆش وردە وردە لەوێ لەدەست درا، ئەوکاتە ئێمە لە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان تێهەڵچووینەوە، بەرهەمەکانی سەلەی نانکەر و تەنەکە و دوای ئەوانەش شانۆگەری میراتی و کابرا سەیرەکە و گوڵاڵەمان بەرهەم هێنا، ئەو سێیانەی کۆتایی لە ئامادەکردن و نووسینی بەندە بوون، کە ئەو کاتانەی ئەو بەرهەمانە ئەنجام دران شانۆ کەوتە قۆناغێکی ئەوتۆوە بێگانەیەك بیدیایە، وای دەزانی شانۆی کوردی تەمەنی زۆر درێژترە لە شانۆی چواردەورە بێگانەکان.

دە ئەوەتا بۆ راستیی نووسینەکەم ئێستا شانۆی کوردی لەو پەڕی پاشاگەردانیدایە، چونکە نەك لووت، بەڵکو خرتوومی لایەنە سیاسییەکانی تێدایە و فنگی تێدا دەکەن. دوو ساڵ لەمەوبەر رۆشتمەوە کوردستان بە تەنیا شانۆگەری (بێفەر)م ئەنجامدا لە سلێمانی، گوێم لێ بوو یەك دوو ئەکتەری برادەرم هاواریان دەکرد، ئەی هاوار ئەوە بە دەکەس ئەنجام دەدرێ، ئەوە تامی شانۆی هەشتاکانە، پاشان بینەران هەموو باوەشیان پێداکرم. سیاسییەکانیش وتبوویان هەرەس هات و قومبەلەیەکی هاوێشت و تا خۆی نەگەیشتە کۆیە، زرمەی نەهات. لە هەولێریش چی هونەرمەند هاتبوو، پاش شانۆییەکە لە ئامێزیان گرتم (هەروەك هەفتەنامەی میدیا) ئاماژەی بۆ کردبوو.

هونەری رەسەن خۆی سیاسەتە، خۆی شۆڕشە، خۆیشی سەنگی مەحەکی هەموو دیاردەکانە، سیاسی نابێت خەڵاتی هونەرمەند بکات، بەڵکو دەبێت رۆحی لە مستیدا بێت لە ترسی رەخنەی دروستکەری هونەرمەند، دەستخۆشانەی جارجاری هونەرمەند بۆ هەنگاوێك، یا هەڵوێستێکی مەردانەی سیاسەتمەدارێك ئەوە گەورەترین خەڵاتە بۆ ئەو سیاستمەدارە. ئاخ لە هونەرمەندی ماستاوچی..

# هونەر
# لە پێناوی هونەردا



ئاری ئاغۆک

قسەکردن لەسەر دونیای هونەر بەگشتی رەنگە خوێندنەوەی جیاجیا و روانینی هەمە چەشنی بۆ بکرێ، چونکە چەمکی هونەر گەڕانە بە نێو دونیای ژیانناسی و ئیستاتیکی و داهێنانی نوێ، بۆیە لەم روانگەیەوە ناتوانین لە سەریەك بۆچوون هەموو روانینەکان کۆبکەیەنەوە، یاخود لە یەك بازنەی داخراودا پەیامی سەرەکی بگەیەنین، بەڵام ئەوەی گرنگەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین بریتییە لە (پەیامی سەرەکیی هونەر).

بەر لە هەموو شتێك دەپرسین: ئایا هونەر لەم سەردەمە و لەم قۆناغە، بە چ پەیامێك و بەچ ئاراستەیەك قسەی لەسەر دەکرێ؟ ئایا (هونەر) توانیویەتی لەنێو فەزای هونەریی خۆیدا بگاتە ئەو پەیامەی کە ئاراستەی هونەری و ئینسانییەکەی بگەیەنێتە ترۆپکی قەناعەت و داهێنان؟ لێرەدا دەبێ هەمووان لەسەر ئەوە کۆك بین، پێویستە هونەر بەگشتی بچێتە خانەی پەیامی هونەری، واتە هونەر لەپێناوی هونەردا خۆی بناسێنێ و کاری لەسەربکرێت. نەك لەپێناو فۆرمێکی سادە و تەقلید ببێتە پەیامێکی کاتی و کاریگەریی فیکری و عەقڵی و رۆشنبیری لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە نەبێت!!

کاتێ ئەکتەرێك لەسەر تەختەی شانۆ، یا لە شانۆی سەرشەقامدا دیالۆگێکی واقیعی دەگەیەنێتەچاو و عەقڵی بینەر، ئەوا بێگومان لەپشت ئەم دیالۆگە سەدەها پرسیارو گومان و وەڵام خۆیان حەشارداوەو دەبێ بینەر هەستی پێ بکات و وەڵامێکی پڕقەناعەت هەلبژێرێ، یاخود لەنێو تابڵۆی نیگارکێشێکدا گەمەی فڵچەو رەنگ سیحری وێنەیەکت نیشان دەدات، ئەوا گرنگە بینەر بیرکردنەوەی بجووڵێ و خەیاڵ فراوان بکات بۆ دۆزینەوەی (خود) لە نێو فەزای رەنگەکاندا، هەروەها لە نێو ئاواز و گۆڕانی و فیلمی سینەماییدا دەبێ هونەرمەند هەمان هارمۆنی دروست بکات، تا مرۆڤەکان بتوانن هەست بە جووڵانی فیکری و عەقڵی بکەن، لەگەلأ ئەوەشدا چێژبین بن لە بینینی بەرهەمەکان، نەك لەنێو دونیای تاریك و رەشدا بە نارۆشنی چەپڵەی نەشاز بۆ هونەرمەندە ناهونەرمەندەکان و هونەرمەندە بەتاڵەکان لێ بدەن، فیێڵ لەخۆیان و کۆمەڵگە بکەن!!!

کەواتە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هونەرمەندان ئیتر بیر لەوە بکەنەوە (هونەر لەپێناوی هونەردا) بکەنە پەیام و تایتلی سەرەکیی کارەکانیان، نەك لەپێناو ناو و ناوبانگێکی کاتی، یان لەنێو فۆرمی هونەرێکی بەتاڵدا وەهمییانە یاری بکەن و لە ئەنجامدا هەست بە دۆڕاندن و وەستان لەخاڵی سفردا بکەن.